# بانگەواز بۆ حیزب و ڕێکخراو و هەموو نا ڕازییەکان بە کوشتنی دوعا

لە نێو ئەو هەزاران ژنەی کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا بە بیانووی جۆرا و جۆر ڕاپێچی مەرگ کراون،مەرگی دوعا زۆرترین دەنگی ناڕەزایەتی پێ بڕاوە.ئەمە خۆی لە خۆیدا شایەدی ئەو ڕادیکالیزمەیە کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا چەکەرەی کردووە.

ئەو دەیان بابەتەی کە لەسەر مەرگی دوعا نووسراوە،ئەو هەزاران ئیمزایەی کە بۆ سزادانی بکوژەکانی کۆکراوەتەوە،ئەو هەموو ڕەخنەو پێشنیار و سەرنجەی لەسەر مەرگی دوعا خراونەتە ڕوو،پێویستیان بەوە هەیە لە بزووتنەوەیەکی ناڕەزایەتی (مونەزەم)کۆبکرێنەوە.من پێم باشە کەمپینێکی سەرتاسەری بەرێ بخرێت و ئەرکی ئەم کەمپینە لە پاڵ کۆکردنەوەی ئیمزادا ،دەست نیشان کردنی چەند پارێزەرێك بێت بۆ بە دواداچوونی کەیسی دوعا.

ئەم پارێزەرانە دەبن بە پارێزەری باوکی دوعا و لە هەوڵی ئەوەدا دەبن کە تاك بە تاکی ئەوانە بدەنە دادگا کە لە دوور و نزیکەوە دەستیان لە کووشتنی دوعادا هەبووە.بێگومان کارێکی وا بێ خەرجی نییە لێرەوەش کۆکردنەوەی کۆمەك ئەرکێکی ترە کە دەبێت ئەو کەمپینە لە ئەستۆی بگرێت.

دەکرێت سایتە ئەلیکترۆنییەکان و حیزب و ڕێکخراوە کان و هەموو ئەو لایەنانەی کە دەیانەویت لەم کەمپینەدا بەشدار بن لەگەڵ ئەو کەمپینانەشدا کە هەر ئێستا بەڕێوەن ،بەم کارە هەستن.

پێم وایە بەبێ بەرێ خستنی کەمپینێکی لەم چەشنە،هەر چەند ڕۆژێکی ترەو کەف و کوڵ و جۆش و خرۆشمان دائەمرکێتەوەو کەیسی دوعاش وەکو هەموو کەیسەکانی تر لەبیر دەچێت و دەبێت بە یادگارییەکی تاڵ و هیچی تر.

ئەم کەمپینە تەنها بۆ ڕیسوا کردن و سزادانی بکوژانی دوعا نییە،بەڵکو وەستانەو پرۆتێست کردن بە ڕووی کوشتنی ژنان و فشار هێنان بۆ حوکمەت کە لەم کەیسەدا بە ئەرکی خۆی هەستێت و بەشێوەیەکی گشتیش لە پرسی کوشتنی ژناندا بەیاساکاندا بچێتەو هیچ بیانوویەکی یاسایی بۆ کوشتنی ژنان تەهێڵێتەوە و لەمەو لاش هەڵویستی تەوندتری هەبێت و دەم و دەست بچێت بە گژ ژنکوژاندا.

**موئەیەد مەحمود(کاردۆ)**

2007-5-4